## راگه‌یاندنی كومه‌له سه‌بارەت به‌:

# رووداوه‌كانی كوردستانی سوريا

به‌ گوێره‌ی هه‌واڵه‌كان، رۆژی هه‌ینی رابوردوو شاری قامیشلی له‌ كوردستانی سوریا بۆته‌ مه‌یدانی هێرشكاریی هێزه‌كانی ده‌وڵه‌ت و ژماره‌یه‌ك له‌ لایه‌نگرانی رژیمی گۆركراوی سه‌دام به‌دژی خه‌ڵكی كورد و له‌ ئه‌نجامی ئه‌و كرده‌وه‌ دزێوه‌دا ده‌یان كه‌س كوژراون و ژماره‌یه‌كی زۆریش بریندار بوون و ده‌ستگیر كراون. هێزه‌ كۆنه‌په‌رست و ره‌گه‌زپه‌رسته‌كان هه‌روه‌ها له‌ حه‌ڵه‌ب و حه‌سه‌كه‌ و شاره‌ كوردنشینه‌كانی دیكه‌ خۆپیشاندانی هێمنانه‌ی خه‌ڵك بۆ ئیعتیراز به‌و جینایه‌ته‌یان به‌ توندوتیژییه‌كی بێره‌حمانه‌وه‌ خڵتانی خوێن كرد و هێرشیان كرده‌ سه‌ر گه‌ره‌كه‌ كوردنشینه‌كان و ماڵ و دووكانێكی زۆریان تالان كرد.

ئێمه‌ وێرای هه‌موو هێزه‌ پێشكه‌وتنخوازه‌كان ئه‌و هه‌وڵانه‌ی ره‌گه‌زپه‌رستانی هێرشكار مه‌حكووم ده‌كه‌ین كه‌ ده‌یانه‌وێ دوژمنایه‌تی كورد و عه‌ره‌ب دروست كه‌ن. ئێمه‌ هه‌موو ئه‌و كرده‌وه‌ نامرۆڤانانه‌، كه‌ به‌ به‌ر چاوی كاربه‌ده‌ستانی ده‌وڵه‌تی و زۆر جار به‌ ده‌ستكیسی ئه‌وانه‌وه‌ به‌رێوه‌ چوو، به‌ توندی مه‌حكووم ده‌كه‌ین و پشتیوانی و سۆز و هاوخه‌باتی خۆمان له‌گه‌ڵ گه‌لی كورد له‌ سوریا و له‌ حیزبه‌ كوردییه‌كانی ئه‌و وڵاته‌ كه‌ بۆ ئازادی و دێمۆكراسی و مافه‌ ره‌واكانی گه‌لی كورد خه‌بات ده‌كه‌ن ده‌رده‌برین.

كۆمه‌ڵه‌ی شۆڕشگێڕی زه‌حمه‌تكێشانی كوردستانی ئێران
١٥ی مارسی ٢٠٠٤، رێكه‌وتی ٢٢ی ره‌شه‌مه‌ی ١٣٨٢

www.komala.org

Email: Komala١٣٤٨@hotmail.com
Komala Office in Sulaimania:
Tel: (٠٠٤٤٧٠٤)٣١٢٤٧١١
Mobile: ٠٠٤٤٧٠٧٧٥٣٧٤٦٥